سەیلی نەتەوەکەمانیان هێنا و بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەردەوامی هەیە، کەواتە کاتێک چیرۆکێک بوونی دەبێت کە بەسەرهاتێک هەبێت و شایستەی گێڕانەوە بێت، لەبەر ئەمەیە شاعیری شۆشگێڕ و مرۆڤدۆستی کورد کەنعان مەدحەت زەر سەرنجڕاکێشانە خوێنەر دەخاتە ناو ململانێی ئەم دەقە پڕ هەماو کەدەوە، بەوەی کە بائاگادار بین ئێستاش خەمان بۆشکین لەو چیرۆکانە، چونکە چیرۆکەکان تەواو نەبوون و کارەسات و قەیران یەک لە دوای یەک دروست دەکەن دەیانکەن بە یەخەی میللەتەوە، کەواتە شاعیر زەر جیهانبینانە لە دوندەکی بەندەوە دەوانەت و دەسەت ستەم هەر ستەمە جا گەر فارسێک یان عەرەبێک یان تورکێک یان کوردێک بیکات، تەم هەر تەمە، تاریکایی هەر تاریکاییە، چ یەکێتی و پارتی رووناکیمان لەسەر بکوژێننەوە یان بەعس و جەندرمەو ئیتلاعات، بەڵام ئەم چیرۆکەی کەنعان دووبارەکی یەکێتی وپارتی لە خەدگرەت کە دیمەنەکان زەر ئاسەزتر دەکات و دەخەکە زەر نالەبارتر دەکات، ئەو دوو حیزبە مافیاییە وەکو دوو تەوارەی گەی زەوی وان، هەرچەندە دەست لەناو دەست دەنێن و بەیەکەوە نەوتی هاونیشتیمانانی ئەو پارچە زەویە دەدزن، بەڵام لە ژەرەوە چاڵ بە یەکتر هەدەکەنن و هەمیشەش هەر میللەتی تەدەکەوەت، هەر وەک بچوکترین نموونە گەر لەو کەسەکی یەکیتی تەعین بەت لەرەش دەبەت یەکەکی پارتی تەعین بەت، ئیتر با دەرچووی زانکەی گیرفان خاڵییش لە ژەر سایەی ئەم دەسەاتە مافیاییەدا سیربخوات و زوانا لەبەدات، ئەم دوو بەرەکییە گەر رەژگارەک گەشتبەتە ئەو رادەیەی ئێسیری جەنگی یەکتریان گوللەباران کردبەت کە دژی هەموو پرەنسیپە جیهانییەکانی کاتەکانی جەنگ و ئاشتییە، ئەمەش وەک شاعیر دەسەت بەشە ئاگرینییەکانی چیرۆکەکە بوون، ئەوا ئێستا بە عەبادی شۆنجەناکەکەکان تەسلیمی ئاغای شەمخانی دەکرەت، گەر شەشگەرەکانی پەکەکە لە سەی ئیبراهیم خەلیلەوە تەسلیمی جەندرمە بکرەن، ئەوا خەباتکارانی رەژهەەات لەسەر شەقامەکانی پەنجوێن و سلەمانیدا بە رەژی رووناک تیرەر دەکرەن و لە باشماخەوە یارمەتییە لەجستیکیەکانیان دەگاتە سیخوەەکان. لە فەکەخانەی سلەمانییەوە ئەو فەکەوانەی بەشداری لە کیمیبارانی هەەبجەدا کرد رەوانەی دەرەوەی وەات دەکرەت!

چیرۆکەکان.. تەواوبوونیان نییە

تەمەکی ئانماە

دووبارەکییەکی یەکسان..

لە نیوان بۆشە ئاگرینییەکاندا

هەمیشە

بە کۆە

لە کەپلەی ژمارە دووەدا باری ئەستا دەکەوێتە بەر تیشکی ئەفراندنی شیعریی و ئەو هەموو تاوان و کوشتارو ستەم و تالانییەی لە رابردووەدا ویژدانی بەشکی زۆری مرۆڤکانی کوشت، لێرەدا پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێو دەبێتە ئارەزووی رەنگاورەنگ لای بەشکی تری ئەو هاوڵاتیانەی چاویان لە گەشانکاری و خەبات و فرە دەنگییەوییو دیانەوێت لە ئاڵای سەوزو زەرد ڕزگاریان بێت، لە ئازاری ١٩٩١دا ڕاپەڕینیان کردو کەچی مافیاکان بەرەکەیان خوارد، لە شوباتی ٢٠١١دا خۆپیشاندانیان کردو بە هەزی ئاگرو ئاسن کپ کرایەوەو سەاو لە شەهیدەکانی ئازادی، ئیتر لێرەدا شەوازی خەبات دگەڕێت و شەشگێرەکان دەست دەکەن بە مانگرتنی سەرانسەری، بایکۆتی هەموو ئەندام و بەیارو ئەرگانە حیزبییەکان دەکەن و دوکانەکانیان دادەخەن، ناچن بە فەرمانگەکان، جوڵەی ژیان دەوەستێنن تا کاتی پاکبوونەوەی ژینگەی کوردستان لەو قایرەس و بەکتریا زیانبەخشانە، دروشمیان ئەوە دەبێت کە بەیەك دەنگ دەڵێن: ئیتر بەسە میللەت دەیەوێت بە دادپەروەریی بژی، گەل دەیەوێت بەری ڕەنجی ڕاپەڕین بخوات.. هاتنی ئەم زەمەنە حەتمییەو یاسای سروشتیش وایە زۆم دەتوانێت هەر هێندە درێژە بکێشێت، قەزافی و زەینولعابدین بن عەلی نموونەیەکی دیارن کە جامی ڕقی میللەتیان بەسەردا ڕژا، شاعیر دەڵێت میللەتی مافخوراو لە ژێر دەسەاتی سەکوچکەییدا مان دەگرێت، لێرەدا وەستانەك وەردەگرین و دەڵێین سەکوچکە ڕاقەی زەرە؛ ئایا دەسەلاتی کۆو باوک و کوڕزایە؟ یان پارەو کورسی و خیانەت، یاخود نومایندەکردنی هەر سێ حوکمەتە فاشیستەکەی ئێران و سوریاو عێراق کە ئەو دوو حیزبە هیچ سێ و دوویەك ناکەن و زەرجاریش بە شەرمانە بە تەسفیەکردنی یەکتر پەنایان بە دەبەن وەك چەن لە ئابی ١٩٩٦دا پارتی پەنای بە حوکمەتی بەعس بردو یەکەتیش بە ئیتلاعات و پاسداران.

بە خۆینی
یادەوەریە تەقەنەرەکان
کەمەڵە ئارەزوویەکی هەمەڕەنگ
لە ژێرخانی سە کوچکەدا..
مان دەگرن

شاعیری شەشگەیی کوردو ئەفرێنەر کەنعان مەدحەت لە کەپلەی سەدا قەڵەمبازێکی جوان دەدات و خوێنەر دەخاتە کەشکەی پە هیواو ئومێدەوە، خەیاڵەك پە لە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ، خەشیەك تەمی سەر خەرمانەد بڕەوێنەتەوەو سەری هەموان سوك بکات لەو مەراق و خەخواردنەوانەی یەخەی گەورەو بچووکی گەلی کوردی گرتووە، دەبێت شەش و ڕاپەڕین بەسەر ئەو گەندەاڵانەدا بکرێت، تا ئەوانە دەماست

بن نگبەتی بەرمان نادات، ئەوانە ئەکسپایەر بوون و زەمانیان بەسەرچووە، دەبێت خەباتی سوراچاکان سەرلەنوێ بدرەوشێتەوەو خەشی و زەردەخەنە بە هەموو مافخوراوان بگەڕێتەوە، داوای خوێنی ١٢ هەزار کوژراوو بە سەروشوێنی شکانی ناوخۆ لەسەرانی ئەو دوو خەتە بکرێت، خوێنی سەردەشت و کاوەکان بزر نابن، دەبێت میللەت بە قوڵ دەرگاو پەنجەرەی مەکۆو مەبەندو لقەکان سواغ بدات و بە هەتا هەتایە ئەو پەڕە رەشەی سەرچاوەی دواکەوتن و نگبەتی و کارەسات و قەیرانەکان بوو هەبداتەوەو توێی بداتە ناو زبڵدانی مێژووەوە، میللەت دەبێت دەی بە تیشکی ئستراتیژیک خەش نەبێت، ئەوانە گرگن و بچوکن و هەموان تیشك لە مانگ و خۆرەوە وەردەگرن، ئەی بۆچی خەمان راستەوخۆ لە خۆری راستەقینەی سەربەستی و یەکسانی و دادپەروەریی بەهرەدار نەبین؟ لەبری ئەوەی چاوەڕوانی موچەو نیوکیلەی برنجی ئەکسپایەری بایعی بین وەکو سەدەقە پەمان بدەن با بەدەستی خەمان بیسەنین و داهاتەکان بە یەکسانی دابەش بکرێت و بنخانی ولاتی پە بونیات بنەین، ببینە خاوەنی ئیرادەی پەڕایی و یەکێیزیی لەسەر بنەمای دەسزیی بەهێنە دی نەك ئینتیمای حیزبیی، با بەکاری و چەوسانەوەی کەمەایەتی و سیاسی قەداچە بکەین، چی لەوە خەشترە دەست بە خەبات بکەین و هیوای گەڕانکاری و لە گەڕانی گەندەیی و عەقیدەتی فاشیستی حیزبی قەداچە بکەین کە کەنتڕۆی هەموو گەردیلەیکی ژیانیان کردووە لە کوردستانی باشوور لە پەناوی بەرژەوەندی دوو بنەماڵەدا، کوا پەشکەوتن و گەڕانکاری لە عەقڵدا؟ کوا خوێندەواریی و پەروەردە؟ کوا دەسزیی و داهێنان و گەشپەدان؟ ئەمانە هەموو لە لایەن مەبەندو لق و مەکۆ تاسێندراون و گەڕ بزرن، لە ژوورە ئینفیرادەکانیاندا رەژانە ئەشکەنجە دەردرێن، با لە گەڵ شاعیردا خەباتی مرۆڤدۆستی و نیشتمانپەروەریی دەست پەبکەین و دزەکان وەدەرنەین، ئەوانە نایانەوێت کەس تەبگات و هەناسەی راستەقینەی ئازادی و مافەکان بدات، ئیتر بەس با ئەو تەمانە کورتەی ژیان بەس بە ڕەزالەتەوە بەسەر بەرین، لە پیناوی چیدا وامان لە دەکەن ئەی جانەوەرە سەوزو زەردەکانی رەژە شوومەکان! ئیتر میللەت دەبێتە خاوەنی بیارو بەدەستی خەی مافە زەوتکراوەکانی دەسنێت..

چی لەوە خەشتر

سەرلەنوێ

سوار بە هەورازا سەرکەوێ

لە جەی مەکۆ و

مەبەندە..

سەنگەر هەبژێرێ

ئەستێرەکان راماڵی و
خوو ،
بە مانگەوە بگرێ

ماسادۆنیا و گرانییەکانی … و نەژاد عزیز سورمێ :

(ماسەدۆنیا) وڵاتێکی هووتان و ژیانی تێدا گرانە ، گرانییەکانیشیان بە هەنگی
وەاتەکەیانە .. گرانی کۆیایەتی و تراژیدی ، نەشکی ئەو هووتەانانەن ، وێنەیان
پێبەپێی کارەساتەکانی مێژووی پێکهاتنیانە ..
ماسەدۆنیا کەوتووەتە نێوان وڵاتانی سەبستان و بۆگارستان و ئەلبان و گریك ، پایەتەختی شاری سکۆپیایە و زمانەکەیان ماسادۆنییە کە دەگەڵتەوە سەر ساقی باشوور ، زۆربەی دانیشتوانیشی ساڤین لە پاڵ هەندێ ئەلبان و ڕۆمان و کەم تا کورتێکی تورك .
ساڤییەکان لە سەردەمی ڕۆمە بیزنتینییەکانەوە (سەدەی 9 و 10) بوون بە کریستیان ، لەسەدەی چواردەیەمیشدا تورکە عوسمانییەکان وەك داگیرکەر هاتنە ناویان ..
لەگەڵ ئەو هەمووبەرگری و بەرەنگاری و ناڕەزایی و خۆاگرتنەیشیاندا
حوکمی عوسمانی تا سەرەتای سەدەی بیستەم مایەوە .
دوای شەڕی دووەمی جیهان ئەو وڵاتانە هەموویان ئازاد بوون ، ماسادۆنیاش
بوو بە کۆمارێکی ناو کۆمارەکانی یەکیەتی کۆمارەکانی یۆگسلاف .
ڕاستیی ئەو شەش سەدەیەی بەسەر ماسادۆنیادا تێپەڕی برینی قووڵ و پڕ لە
کارەسات و هووداو و پێشهاتی جەرگبڕی بەخۆوە بینی ، قوربانی زۆریان دا ،
گەلێك یاخی بوون و بە چڵ و چیایان کەوتن ، زۆریان وایان لێ هات چەك هەڵگرن و تا ئەو ڕادەیەی ڕۆگری بکەن ، بەتایبەتی ڕۆیان لە

بازرگانه تورکه‌کان ده‌گرت و ڕووتیان ده‌کردنه‌وه .
ماسدۆنییه‌کان گیانفیدایی ڕۆمه‌کانیان هه‌میشه له‌بیره که چه‌ند له
پێناوی سه‌ربه‌خۆییدا ماندوو بوون و قوربانییان داوه .
ئه‌م گۆرانییانه که زۆربه‌یان له داب و نه‌ریتی خۆیانه‌وه هاتوون
سه‌یر ده‌که‌ی هیچیان
خاڵی نین له تراژیدیا .

(1)
ئێڤۆ ده‌زیندانی دایه
هه‌ڵۆیه‌کی له‌سه‌ر شانی هه‌ڵده‌نیشێ
چاوی ئێڤۆ هه‌ڵۆ ئاو ده‌ده‌ن
له سیمایشی تۆر ده‌بێ ..

- ئه‌ی باڵدار
  ئه‌وا گه‌وره‌و به‌هێز بووی
  منیش ده‌تنۆرمه‌وه ماڵۆ .
- ماڵه‌که‌تان چۆن بناسم ؟
- حه‌وشه‌ی ماڵمان کانییه‌کی سپی لێیه
  دارێکی وشکی به‌سه‌ره‌وه‌یه
  سێ مه‌لی ڕه‌ش له‌سه‌ر ئه‌و دره‌خته وشکه‌ن
  مه‌لی یه‌که‌م
  که له سپێده‌وه ده‌گری تا ئێواره
  خوشکمه
  مه‌لی دووه‌م
  که له نیوه‌ڕۆوه ده‌گری تا نیوه‌شه‌و ،
  ژنه‌که‌مه .
  ئه‌وه‌ی هه‌رگیز له ناڵه و فیغان ناکه‌وێ
  ئه‌وه دایکمه .

(2)
خۆر داده‌کشێ
کچێك له‌به‌ینی دوو دارستانی سه‌وز و
دوو ده‌ریاچه‌ی سارد
گوێ ده‌چنێ ..
له خوا به‌ده‌ر
که‌سی له‌گه‌ڵدا نییه
که‌س نییه ئاگاداری بێ
که له‌سه‌ر خۆڵدا پاڵ که‌وت

بەردێکی لەبن سەری بوو
بەرد مارێکی لەسەر بوو
(خوایە ئەو کیژە بمرێنە
تا پرچی بکەم بە هێللانە و
لە گۆشتی دەم وچاوی بخۆم
چاوەکانی بخۆمەوە ..)
خوا نزای ماری قبووڵ کرد
کچەکە مرد
مار ،
پرچی کرد بە هێللانە و
لە گۆشتی دەم وچاوی خوارد
چاوەکانی خواردەوە .

(3)
مانگا لەسەر (فاردار)
خەریك بوو پردێك
دروست بکا
بەرژ ئیشی لێ نەدەکرد
حەزی دەکرد شەوان دەستی بداتێ
چی بکا باشە ؟
سەرکاری نارد
مانگێکای ژنی بانگ کا

- مانگێکا
سەرێك منی ناردووە
لە قەراخی ڕووبارێ تێی دەوێ
زووکە ، تا پێت دەکرێ لەز بکە .
- بە مانگا بڵێ
کوڕەکەم دەنوێنم و دەم .
کوڕەکەی دەنێو لانکێ نا
تێی هەڵکردە گۆرانیانیان بۆی
- (ئەگەر بابت منی دەوێ
بە زووترین کات لەسەر فاردار ئامادە بم
ئەگەر بێ خۆشەویستی بێ
کراسێکی سپی دەپۆشم
ئەگەر بیەوێ بمکوژێ
کراسێکی ڕەش

ئەگەر بۆ ژوانێ بێ
بنووە ڕۆیە خەوی خۆرت بێ
گەر بێ مەرگ بێ
ڕۆیە خۆرا لەخەو ڕابە)
بەرەو فاڵدار شۆڕ بووەوە
- مانۆلا بۆ چیت بووم ؟
گەر بۆ ژوانێ بێ سپی
گەر بشتەوێ بمکوژی ، هەش دەپۆشم ..
مانۆلا دەستی گرت
لەسەر دیواری :
- (من هەرگیز سووم لەخۆ نییە
مانۆلا ! بەزەیت بە کۆیەکەماندا بێتەوە
کە دەگری و
لە دوای من وێ دەبێ)
لەو کاتەدا
منارەکە لە خەو ڕاپەڕی و
خۆرا بەرەو فاڵدار هات
هاواری دەکرد و دەگریا
باوکی دەستی گرت و ئامۆزی تۆوەرێنا
پێکەوە
هەردووکیانی
بە دیواری پردەکەوە نووساند
لەو دەمەدا پرد بیێند بوو و
بیناش نەما .

(4)

سەگەکان دەوەرێن ..
کەواتە شەڤانییەکان خەریکن دێن..
خۆت لەنێو ئەم خاکە هەشداگەڕاوەدا
لەنێو سنگی زۆیێنییەوە.. بشارەوە..
شەڤانی هاتن..
لێیان پرسین:
-کوا براکەت؟
-تۆ پیاو خراپی
نازانم براکەم لە کوێیە..
-گەر پێمان نەڵێی،
چاوەکانت دەژنین..

پێی نەوتن..
چاویان ژاند..
-پێمان ناڵێی کوا براکەت؟
ئەگەر نەڵێی دەستت دەبڕین..
دەستیان بڕی..
-جێی براکەتمان پێ ناڵێی؟
ئەگەر نەڵێی قاچت دەبڕین
قاچیان بڕی و ڕۆیشتن..
بە زەوی ڕەشداگەڕاودا ڕەت بوون..
لەوێ ، لە سنگی زەمینییەوە
(بیستانێ) یان دەزیەوە..
گرتیان..
پەلیان بەزنجیرێکی زیوین بەست و
بەرەو دارستانێکی دوور یان برد..
(ئالینا) قیژاندی
بیستانێ برام
نە چاوم هەیە بتبینم
نە دەست باوەشت پێدابکەم
نە پێم هەیە لەگەڵت بڕم..

(5)

ڕۆژگاری ڕەش
(ستوجان)ی ماندوو کردبوو
نە خەراك .. نە پارە
نێ مندااڵیش..
ستوجان خوشکێکی دەوڵەمەندی هەبوو
مێگەڵێ مەڕ و حەوت خەرمانی هەبوو..

- خوشکم
نەختێ گەنمەشامیم دەویست
بۆ خەراکی زارکان.. برازای خۆتن
- ستوجان ، برام
بەو ڕۆیەدا شۆبەرەوەو
چاوەڕوانی کاروان بکە
(300) ئێستری نەواون ..
لە دوای کۆشان و تاوتووکردنی گەنم
پاشماوەکەیت دەدەمێ

..……
ستوجان ، برام
تەنیا دەنکێکیش زیاد نەبوو
ستوجان دەستی دایە تەلیسەکی
چووە شینکاو پێی کرد لە لم ..
هەڵی گرت بەرەو ماڵەوە..
کە منا ڵەکانی بینیان..
خۆرا بەرەو پیرییەوە هاتن..
پێ خواس .. برسی..
لمی وردو زۆینی بێ هەڵشتن
خواردیان..
مردن..
گۆڕکی بێ هەڵکەندن ، هەموویانی ناشت..
خۆیشی لە ماڵێ هاتەدەر ببێتە ڕێگر .

(6)
هەموو شەوێ ،
بە کراسێکی خۆناوییەوە دێتە لام
کەللەسەری بێاوی تیا پێچراوە..
دایە ئەمڕێ بەیانی دەستێکی بێ هێنام
ئەڤەیەکی زۆری پێوەبوو..
من دەزانم ئەو دەستە هی کێ بوو ،
ئای دایە
بۆچی منت دایە ئەو پیاوە
ئەو دەستە بێاوە
دەستی کوستاندینی برام بوو..

(7)
بێگدانا
لەسەر لووتکەی ئەو گردەدا خەو بردییەوە..
پەلکەگیا .. ڕایەخی بوو..
سەرینی .. گوڵی چیابوو
قەدی سەوز.. لێفەی بوو
شوانێکی لاو.. بەلایدا ڕابوورد
نەدەویست هەڵیبستێنێ..
نە دڵی دەهات جێی بهێڵێ..
بڕیە بەهەموو هێزیەوەدەستی کرد بە شمشاڵ لێدان..

(8)
گەرگوڵت ویست ،
شەونم لەسەر پەڕەی دابڕ..
بەیانیان وەرە
ئەگەر ئاوی شیرینت ویست
لە نیوەڕۆیانا وەرە..
بەڵام کاتی خۆشەویستی .. ئۆوارانە.

(9)
کوڕو کچێك
یەکدیان خۆشدەویست و
ماچیان نەدەزانی ..
کچ کوڕەکەی بە چاوی ڕەشی ماچ دەکرد
کوڕەکەیش دەنکە تریی
لە دەمی کچەکە دەنا ..
گوڵی لە خشپەی پێی دایکی بوو
دەچووە بازاڕ تاڕەگیایان بکڕێ ژەهراویان بکا
کوڕەکە لە نیوەڕۆدا مرد
کچەکە لە شەوا
لە یەکدی بەستن
بە پەیتوونێکی چوارئەسپی هەڵیگرتن
کچ لە دووڕییانێکدا و
کوڕیش لە سێڕییانێك نێزرا
کچەکە بوو بە بنەمێو
کوڕەکەیش بوو بە گوڕێ
کچ هۆشووی دان
کوڕ چێی گوڕ
پێك گەیشتن و لێك ئاڵان
دایك هەواڵی پێ گەیی
چەقڵیەکی هێنا
هۆشوو و چڕەکانی بڕی
دوو ئاگری کردەوە
هەر یەکی دەیەکی هاوڕێت
خڕەمۆشەکەیشی کێ کردەوەو
بە باخچەیدا بڵاوی کردەوە
باخچە ڕەیحانی لێ شین بوو
ڕەیحان پیاوان لە بن شەپقەکانیان دەنێن

کچانیش لەبەر بەرەکێ
منانیش لە دەستی دەگرن ..

(10)
سێ ساڵ بوو ستوجان
داوای بۆجانای دەکرد و
دایکی داواکەی هەت دەکردەوە
بۆجانا خۆشیدەویست
چووە ژوورەکەی
سندووقە تازە بۆیەکراوەکەی کردەوە
کراسە سپییەکەی دەرهێنا
دەبەری کرد و خۆی پێ خەماند
جێی لە حەوشەی ماڵدا ڕاخست و
لەسەری پاڵ کەوت
خۆی مراند ..
کە دایکی بینی
هەموو قژی خۆی ڕنییەوە
دەستی کرد بە ناڵەو فیغان
برایەکانی وتیان :
ئەم کچە فریومان دەدا
دەچین لە دارستان مارێك دێنین
پێوەی دەنێین
چوونە دارستان
مارکیان هێنا و پێیان وەنا ،
نەبزووت

- پەنگران دێنین
هەر نەبزووت
وتیان با ستوجان بانگ کەین
ئەگەر مردنەکەی ساختە بێ
بگاتە ئێرە دێتەوەخێ
هەڵدەستێتەوە
ستوجانیان بانگ کرد
ستوجان هات
دەستی دەمەمکان گرتا
هەستایەوە ..
- ئای چ شیرنەخەوێك بوو

- مارمان پێوەنای نەبزووتی
  بۆچی پێوەی نەدای ؟
- دایە
  کە مارتان پێوەنام
  وەکو شەونم بۆ من وا بوو
  کە پەنگرتان پێوەنام
  خۆر هێمنی دەکردمەوە
- بۆجانا
  ئەی کە ستوجان دەستی بۆ مەمکان بردی
  بۆچی لەخەو ڕانەپەڕی .. نەترسای؟
- ئای ئای
  توخوا ستوجان دەستی بۆ مەمکان بردم ؟
  کەواتە دەبۆ شووی پێ بکەم !

(11)

- ستوجانیکا
  لێوت بۆچی
  لە لێکەی زەرهەنگەڕاو دەچن ؟
- لە ئەژمەتان
  لە داخی سەفەری تۆ بۆ (ماربۆڕۆ)
- ستۆجانیکا خۆشەویستم
  بە مەرگی ئەسپەکەم
  دەستم بۆ هیچ ئافرەتێکی دی نەبردووە
- ئەسپ خۆراکی کسێکانە
  بە چاوانم سوێند بۆ بخۆ
- کوێم بمرێ
  دەستم بۆ ئافرەتی دی نەبردووە
- کوێ هی هەردووکمانە
  بە چاوانم سوێند بۆ بخۆ .
- لە ژمارە 10ی تەموزی 1980 ی گۆڤاری (الاقلام) ی وەزارەتی
  ڕۆشنبیری
  عێراقییەوە کراوە بەکوردی – بڕوانە ل 67 .

خوێندنەوەی یەکەم ڕۆمانی فەرهاد پیرباڵ و شتی تریش..
ئەحمەد کامەران

بەرواری 26|2|2020 بوو کەهاوکات کێتا ڕۆژی دەوامی کۆلێژم بوو ئەمەش بەهۆی باوبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا بۆیە هەفتەیەك زووتر بۆیاری پشوویان دا,بۆیە منیش بڕیارم دا کە ئەم یەك مانگەی پشوو لە ماڵەوەم بێ خەم بەهەڵکی گرنگ بیقۆسمەوە کە بەشتی بەسوود و گرنگ بەڕێی بکەم چوونکە لە بنەڕەتدا قوتابیانی زانکۆ لە کاتی پشووەکاندا دەبێت بەشکی کاتەکانیان بێ خەیان بەشتی بەسوود و گرنگ بەسەر ببەن بەتایبەتیش کاتێك تەرخان بکرێت بۆ خوێندنەوەی کتێب, نەك زۆربەی کاتەکان خەت بەشتی بێ کەڵك زیانبەخش بەسەر ببەیت, هەربۆیە بڕیارم دا لە کۆلێژەوە بکەومە ڕێ بۆ بازاڕ بۆ کڕینی کتێب لە خانەی ئاشتی , وە بڕیارم دا ڕۆمانێکی فەرهاد پیرباڵ بکڕم ئەویش بەناوی (مولازم تەحسین و شتی تر…) کە چاپی سێیەم بوو بەڵام ساڵەکەی ڕوون نەبوو بەس ئەوەی من بزانم لە 2001 چاپ کرابوو , ئیتر بەهەر حاڵ ئەوە بۆ من بووە یەکەم ڕۆمانی فەرهاد پیرباڵ کە بیکڕم , بەڵام لە پێشتردا لە ساڵی 2019 لە پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب یەك کتێبی فەرهاد پیرباڵم کڕی بە ناونیشانی(ئەوکتێبانەی ژیانیان گۆڕیم) کە لە کۆمەڵك وتاری ئەدەبی پڕك هاتبوو , وتارەکان زۆر جوان و بەپێز بوون بۆیە ئیتر حەز م چووە خوێندنەوەی کتێبەکانی فەرهاد پیرباڵ بۆیە ئەم جارەیان بڕیارم دا یەکەم ڕۆمانی ئەو بخوێنمەوە کە هەرچەندە چەندین ڕۆمانی دیکەی هەیە, کە لەفرسەتێکدا هەوڵبدەم ئەوانی تریش بخوێنمەوە.

خودی (د.فەرهاد پیرباڵ) بەلامەوە گرنگ نیە کە سەر بە چ هێزێك و چ لایەنێکە ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە کە نووسەرێکی کوردە و هیچی تر… ,بەڵام بەداخەوە دەبینین بەردەوام ڕووبەڕووی دژایەتی کردن و سەرکوتکردن دەبێتەوە , ئەمەش ئەوە بۆمان دەردەخات کوردستان لەژێر هەژموونی دیکتاتۆری دواکەوتن دایە لەسایەی ئەم حکومەتەوە , چوونکە ئازاردانی کەسێکی وەکو فەرهاد و نمونەکانی چەندین پرسیار و بۆشایی بەدوای خۆی بەجێ دەهێڵێتەوە, بۆیە فەرهاد پیرباڵ بەشکە لەو نموونەی جوانەی کوردستان و شاری هەولێر کە دەبێت بە هەموولایەکەوە ڕۆژی لێبگرین, هەموو جارێك باسی ئەوە دەکرێت کە وڵاتانی تر کەسانی وەکو ئەفلاتۆن و ئەرستۆ و هێگل و

ئەلبەرت کامۆیان هەیە لەگەل ئەو چەندین کەسانی تر... کەچی دەگوترێت کورد هیچ کەسێکی هاوشێوەی ئەوانی نیە, نەخێر بەپێچەوانە کوردیش بە چەندین کەسی جوان و ئەزموونداری هەیە لەبواره جیاوازەکان دا, دیارترینیانیش فەرهاد پیربالە کە وەکو سیمبولێك وایە بۆ گەلی کورد بە نووسینە جوانەکانی توانیویەتی خزمەتێکی بەرچاوی گەلەکەی بکات, یاخود لەپاڵ ئەمانەوە بەداخەوە هەندێ تاکی کوردی نەفام هەیە کە بە فەرهاد پرباڵ بەکەسێکی شێت لە قەلەم دەدەن کە ئەمە خۆی لە بنەڕەتدا هەرکەسێك ئەم وشەیەی لە دەمیەوە بێتە دەرەوە لە بەرامبەر د.فەرهاد ئەوە سەرەتا خۆی کەسێکی نەخۆش و شێت و دواکەوتووە.

ئەمانی مولازم تەحسین و شتی تر... باس لە ووداوەکان و نەهامەتیەکانی گەلی کورد دەکات بەدەستی ژمی بەعسەوە , ئەگەر چی ناوەکەی گۆڕاوە بۆ مولازم تەحسین بەڵام خۆی لە ڕاستیدا لە سەردەمی بەعس لەشاری سلێمانی کەسایەتیەکی دیاری بەعسی هەبوو کە خەڵکی زۆر لێی دەترسان وە پیاوێکی زۆر مەترسیدار بوو ناوی مولازم موحسین بوو بەڵام لە ئەمانەکەی فەرهاد پیربابا ئاماژە بەناوێکی تر دەکات کە لەبنەڕەتدا هەر ئەوکاسایەتیە بەڵام ناوەکەی گۆڕاوە, وە لەهەمان کاتیشدا دوو کارەکتەری سەرەکی تریش لەنێو ئەمانەکەدا بوونی هەیە ئەویش بەناوی جوامێر و ئەختەر, کە جوامێر بەئەوبەری کشتوکاڵی سلێمانیە بەڵام لەپاشان بەرەو شاخ دەڕوات پێش ئەوەی بڕوات بۆ شاخ ئەختەر خۆشەویستەکەی دەکاتە (ژن) و دواتر بەجێی دەهێڵێت کە لەم نێوەندەدا ئەختەر دەبێتە قوربانی جوامێر و مولازم تەحسین و چالاکیەکانی حزب لەشاخ کە دواتریش سەرکردایەتی شاخ ئەختەر دەکەنە بەرپرسی ئەکخستنەکانی شار بۆ ئەوەی ڕاپەرتیان بۆ بنوسێت و ڕەوانەی شاخی بکات, چەند جارێك جوامێر بەئەنی پێدەدات بیخوازێت بەڵام دەڵێت سەرکردایەتی حزب ڕازی نین جارێ, چوونکە ئەختەر لەناو سلێمانی ببوە بە بنەشتە خۆشەی دەمی خەڵك کە بە قەچە ناویان دەبرد کە بەردەوام دەیان گوت: ئەم کچە جوانە جارێك لە باوەشی جوامێرەو جارێکیش لەباوەشی مولازم تەحسینە بەخوا بەجوانیەکەی دڵی هەردوکیان بۆ خۆی بردوە ئیتر لەگەڵ چەندان قسەو قسەڵکی دیکە.

ئەگەر چی بۆ دواجار سەرکردایەتی شاخ بڕیاردەدەن کە مولازم تەحسین لە بۆسەیکدا بگرن بیبەنە شاخ ئەمەش لە ئەگای جوامێر و ئەختەرەوە ئەم کارە دەبێت ئەنجام بدرێت بەڵام جوامێر لەلایەن مولازم تەحسینەوە سەری لەلاشەی لێدەکرێتەوەو , لەپاشانیش کە مولازم تەحسین

کاری بە ئەختەر تەواو دەبێت بە پاسەوانەکانی دەوڵەت ئەم قەحپەیەش لێرە دووربخەنەوە, چوونکە مولازم تەحسین ئەختەری وا هەڵخەلەتاندبوو کە گوایە دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ دا بکات بەڵام تەنها بۆ ئەوە بوو کە کارەکەی خۆی پێ ئەنجام بدات و لەپاشانیس ئەختەریش لەناو ببات...
لە دیوەکی نۆو ڕۆمانەکە بەشێك لە ئازارەکانی گەلی کورد بەمان دەخاتەڕوو کە چەند ڕۆژگارێکی ناخۆشیان تێپەڕاندوە لەگەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەعس, وەهەروەها بەردەوام هەوڵی سەرکوتکردنی شۆڕش و خەباتی کوردانیان دەدا لە پێناو سەربەخۆیان , ئەگەرچی خوێنی دەیان ڕۆڵەی کورد بەکچ و کوڕو پیاو و ژنەوە بوونە قوربانی بەڵام بۆ دواجار بەعس کەوتە مێژووی ڕەشەوە.

2020|3|4

ناوی کتێب: تیۆری سیاسی لای عبدالله ئۆج ئالان ... نووسینی: نۆزاد خالد صالح (نۆزاد مۆرگۆیی)

ناوی کتێب: تیۆری سیاسی لای عبدالله ئۆج ئالان
بابەت: توێژینەوەی فەلسەفی
نووسینی: نۆزاد خالد صالح (نۆزاد مۆرگۆیی)

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن ....

دەبێت خەمان بە هانای خەمانەوە بین! … د . زاهیر سوران

بەڕێزان لە هەموو لایەکەوە زانیاری بێ بنەمای چەواشەکارو دژ بە یەك بڵاوەکرێنەوە لە بێ باوکیدا میللەت گیری خواردووە! لە نێوان بەرداشی حکومەت و سوزو هەستی ئەو کەسانەدا کە بارودۆخەکە تێکدەدەن و نایانەوێت تێبگەن کە هەلومەرجەکە چەندە مەترسیدارە!

ئێمەی میللەتێکین بە قسە هەموومان دکتۆرین! ئەندازیارین، شیکەرەوەی سیاسی و سەربازین! راوێژکارین، شارەزاین، قسەزان و مەلابەزێن و بێ عەیب (خۆش) و دڵسۆزو خەمخۆرو ئازاین بەڵام بە کردەوە لەدوای داووەین واتە قەین!

لە وڵاتان بێ نمونە: سوید ژمارەی تووشبووان گەلێك لێرە زیاترە بەڵام کەس خۆی ناشارێتەوە دانیشتوان بە تەلەفۆن پەیوەندی بە لایەنی تەندروستییەوە دەکەن و گەر پێویست بوو پێیان دەڵێن: لە ماڵدا بمێننەوە وئیتر کەس ناکەوێتە کۆمێنت نووسین و جنێو قسەی ناشایستە بە چەپ و راستی خۆیدا، ئێمێ قەرەباڵخی سەرجادەو بازارو شایی و کنیسەو شوێنە گشتییەکان فرەکەم بوونەتەوە.

لای خەمان بە پێچەوانەوە ئیتر لە بەیانییەوە خەلك خەریکی ناوبازارە بێ گشتی پشتەمەخزەو برنجی کوردی وکەلوپەلی یاپراخ، دەڵێی سەد ساڵە یاپراخیان نەخواردووە! بێ ئەو دەشتە. نازانم ئەم میللەتە بێ ئەوەندە خەریکی ورگییەتی؟ قسەی قەری سەد ساڵ لەمەوبەر دووبارە دەکەنەوە بەڵام پاکوخاوێنی تاك وکۆو کەلوپەلی ڕۆژانەی پیس و قسەو ئامۆژگارییە بەنرخ و پێویستییەکان پشت گوێ دەخەن؟

هاوڵاتی بەڕێز وەزعەکە خراپتر مەکەن، تکا دەکەم ئەم پێنچشەمۆو هەینییە لە ماڵەوە مەیەنە دەرەوەو ماڵەکانتان پاکژبکەنەوە، دەسکی دەرگاکانتان دەسکی بەلوعەو دەمانچەی تارەت گرتنەکانتان کە ڕۆژانە دەیان جار دەستییان بێ دەبەن نێو ئۆتۆمبیلەکانتان (تەکسی و کێستەرە کێنە ٢٠ نەفەرییەکان) پاکژ بکەنەوە.

ئەوەتا ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی داوا لەدەستەڵاتدارانی ئێراق دەکات کە دۆخەکە مەترسیدارەو جۆری ٢ ی مەترسیدارەکەی ڤایرۆسەکەش لە ئێران بڵاوبۆتەوە! گەر کەمتەرخەم بین ئەوا کوردستان بەدەردی ئێران دەوات و کۆنترۆل لەدەست دەدات. بەڵام لای کورد هەمووی

دونیاو شتێك فشەیو کەسیش کردارێکی باش نانوێنێت لەبەرئەوە پێویستە:

١- پێویستە حکومەت بە جورئەتەوە وخۆراو (چوارشەممە پاش نیوەڕۆ تا شەممە بەیانییەکەی) هاتووچۆ ڕابگرن بۆ ئەوەی قەرەباڵخی دروست نەبێت و بەوردییەوە سەیری هاتنەژوورەوەو بەرز بوونەوەی ژمارەی نەخۆشەکان بکەن، ئاگرکوژێنەرەو پۆلیس و ئاسایش بخەنە ئامادەباشییەوەو با لە ئێشکگریی خۆیاندا بن.

٢- پێویستە حکومەت ڕێگە بدات تەنیا وتەبێژی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی تەندروستی و ناوخۆ قسان بکەن گەر دەتوانن دڵخەکە بەرەوە بەرن، با ئیتر وەزیرەکان لە شاشەکان دوور بکەونەوە (دیاردەیەکی ناشیرینە) با ئیتر پارێزگاکان نەیەنە سەر شاشەکان با بڕاوکراوەکان لە لایەنکەوە بێت کە وەزارەتی تەندروستییە.

٣- نابێت دەستەڵات بە کۆمەنت نووسانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەرژەوەندی پەرستیانی ئەملاولا دەستخەڕۆ ببن کە تەنیا خەمی گیرفانی خۆیانە هیچ حسابێك بۆ میللەت ناکەن، دەتوانن ئینتەرنێتیش دابخەن، بۆ نا ؟ ئەوە گەر دڵسۆزن خەمی میللەتتان بێت گوێ لە قسەی زلی ئەم و ئەو مەگرن، دڵسۆزی و خەمخۆری خۆتان بۆ میللەت نیشان بدەن!

٤- دەبێت حکومەت هەیبەت بۆ خۆی بگەڕێتەوە (لە هەندێك هەل و مەرجدا، لە پێناوی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی و سەلامەتی دانیشتواندا دەبێت بە تۆپزی یاسا بەرقەرار بکرێت) پێویستە کەسانی بڕیاردەری خۆنەویست مەلەفی ڕێگرتن لە ڤایرەسەکە بگرنە دەست.

٥- پێویستە حکومەت تەلەفزیۆنەکان ئاگاداربکاتەوە ماتریاڵی بێ سوودو ترسناك و زیانبەخش و چەواشەکار بڕاونەکەنەوە. ٦ کاتژمێر جارێك باسی کۆرۆنا بکرێت، کۆمەنت نووسین قەدەخە بکرێت لەبەر ئەوەی تەلەفزیۆنەکانیش بەبێ ئەوەی هەست بە لێپرسینەوە بکەن بەس بۆ ئەوەی بازاڕیان گەرم بێت (ژمارەی بینەرانیان زیاد بێت) کەسانی جنۆفرۆش و کۆمەنت نووسی کوردیی نەزانی جنۆفرۆش کەدەکەنەوە لە بابەتەکان. ئەوە ئازادی نییە ئەوە بەهۆایی و تێکدانی شیرازەی ئاسایشی تەندروستی و نەتەوەیی ئەم میللەتەیە ئەوە بەرپرسیارن بۆ مێژوو فریای کەون!

گەر حکومەت بەهانی ئەم نامەیەوە نەهات و ئەنجامی نەدا ئەوا دەبێت هەر کەس لە لای خۆیەوە خۆی هۆشیاربکاتەوەو بەڕام قەیران دروست مەکەن ئەوە کردارێکی پێشوەختەی بەسوودە تا کاتێکی دیی.

بەڕێزان زانستییانە پێتان ئەیەژم: تکایە لەم رۆژانەدا لە ماڵەکانتاندا بمێننەوە داخستنی فەرمانگەکان مانای گەشت و گوزارکردن نییە بە مانای کەمکردنەوەی قەرەباخییە لە پێناو سەلامەتیتاندا . لەم هەلومەرجەدا هەموو هاتووچۆیەك وسەردانێك مەترسیدارە لەبەر ئەوەی ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی کوردستان کە بە پارە لە دەروازەی مونزریيەی سەر بە ئێراق بێ خەدزینەوە (بندیوار) لە جوداکردنەوەی ٢ هەفتەییەکە ی خەمان بەبێ بڕوێدانانە هاتوونەتەوە نێو کوردستان زۆر لەوە زیاترە کە دەزانراو رۆژانە لەزێدبوونداية(ئیراق خێی بە ئەنقەست ئەو خاڵە سنووریيە دا ناخات) و زۆر زۆر مەترسیدارە!

تکایە پشت و پەنای یەکدی بن چاوەڕەی دەستی بێگانە مەبن!

د . زاهیر سوران
پسپۆری نەخۆشییە گشتییەکان و درمییەکان، سلێمانی
٢٠٢٠ / ٣ /١٠

کۆرۆنا و بڕپرسیارێتی تاک … پارێزەر/ لوقمان مصطفی صالح

بڕپرسیارێتی تاك لێ کەمێگادا گرنگی خێی هەیە،چونکە خودی مرۆڤ خێی لێی بڕپرسە و دەبێت پابەندی سزاجەم یاساو ڕێساکانی ژیانیشبێ کە لێ ڕێگەی هەڵقوڵاوی داب و نەریتی ناو کەمێگاکەی خێی پێیەوی دەکات، کە بێگومان لەم جۆرە بڕپرسیارێتیەدا تاك خێی لێ ناو کەمێگەدا دەرئەنجامی ئۆرۆنی ونۆرۆنی هەڵدەگرێت و هەندێك جاریش دەرئەنجامەکان و لێکەوتەکانی بێ هەردوو جۆرەکەیەوە کاریگەری دەبێت لەسەر خێزان و کەمێگا بێ گشتی.
ئەم بڕپرسیارێتیە زیاتر لێکاتێ هەستیارە کاندا دەردەکەوێ،کاتێ قەیرانێک دێتە ئاراوە جاچی دروستکراوبێ یاخوود سروشتی، بۆ نمونە ئەم پەتا گشتگیرە کە بێ(ڤایرەسی کۆرۆنا)یاخود(کۆڤید ١٩)ناسراوە،کە هەموو جیهانی بێ خەیاوە سەرقاڵکردووە، بۆتە مەترسی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی.

لەردا تاک دەتوانێ بە شێوەیەکی ئاڕاستەی مێژوویی خۆی ببینێ،هەر لە هاوکاری و ووریاکردنەوەی خەزان و دەوروبەری لەو مەترسیە سامناکەی کە روبەروی مرۆڤایەتی بەتەوە،نەک بە پێچەوانەوە ئاڕاستەی نەرێنی بگەڕێ،کەواتە بەشداری تاک بریتییە لە کەمکردنەوەی چالاکی کە هاوڕاتیان چ وەک تاک یان وەک گروپ ئەنجامیدەدەن.دەتوانێ هەوڵبدات بەرژەوەندی گشتی بپارێزێت و بەشداربێت لە پرسەی نەهێشتنی قەیرانەکان بە سرووشتی و دەستکردەکانیشەوە،بەشداربێ لە بەیاردان و بڕیاردانی وڵات و گۆشکردنی کەمکەرەکانی داگا.
ئەم بەشداریکردنە یان ئەم چالاکییانە دەکرێت مادیی یان مەعنەوی بێت، دەکرێت لە ڕێگەی خستنەڕووی بیروڕایەکەوە یان لە ڕێگەی کارەوە یان کەمک و تەمویلکردنەوە یان هەر ڕێگەیەکی دیکەوە بێت کە دواجار دەبێتە هۆکاری تێپەراندنی قەیرانەکە و گۆشکردن و پشخستنی کەمکەرەکانی لەسەرجەم ئاستەکان.
مەبەست لە چالاکی تاک لە ناو کەمکەرەدا بریتییە لە بەشداریکردنی تاک یان گروپ لە کەمکەرە چالاکی جەراوجەر، لەوانە بەشداریکردن لە ڕەکخراوە خەرخوازییەکانە بە دوو مەبەست: لەلایەک بە سەلماندنی بوونی کەسایەتی خەیاتی، لەلایەکی کەشەوە هەست دەکات بەو ئەرکەی کارەکی مرۆڤانەی ئەنجامداوە،هەروەها دەتوانێ هەمەتی خەبەخشانە بە چاودێریکردن و بەدەمەوچونی بەساڵاچوان منداڵان و خاوەن پێداویستی تایبەت بکات، سەرپەرشتیکردنی منداڵانی بە دایک و باوک و بە نەوا، ڕەکخستنی جووڵەی هاتووچۆ، بەشداریکردن لە هەشیارکردنەوەی تەندروستی بەتایبەت پەتای قایرەسی کۆرنا و هەستان بە پاککردنەوەو پاراستنی ژینگە بە دەرباز بوون لەم دەردە کوشندەیەی کە ڕووی تەکردووین…هتد بکات.

ڕێمان: ئامەرتات … نەوزاد مەرگەیی

ناوی کتێب : ئامەرتات
بابەت : ڕێمان
نووسینی : نەوزاد خالد صاڵح)نەوزاد مەرگەیی(
تیراژ :)500 (دانە

نرخ : 4000( )دینار
شوێنی چاپ : چاپخانەی ڕۆژهەڵات/هەولێر
لەبەردەوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی)622(ی ساڵی 2015ی پێ دراوە

بۆ خوێندکەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن ....

ئەی داد بێ داد … نەوزاد بەندی

پێکەنین و لە هەمان کاتدا قوڕ بەسەریی لەوەدایە کونسوڵی چین کە بڕگری لەشی هەزار ئەوەندەی ئەمە زیاترە ، دەمامکی کردووە ، کەچی بەردەوامە لە تەندروستی و کاربەدەستانی کورد بە بێ دەمامکن ..
ئاخر کێشەکە لەوەدایە ..بە متمانەیی خۆک بڕامبەر ئەم دەسەاتە لێرەدایە ..لە ڕاگەیاندنکاندا ئەڵێن دوو کەس زیاتر کەبەنەوە بە قەڵەباغیی ئەژمار ئەکرێت و ئەبێ دوور بین لێیەوە ، کەچی پێنج شەش کاربەدەستی عاشقی کامێرا و سەڵفی و کونسوڵ ، سەریان کردووە بە سەری یەکتردا هەتاکو زومی کامێراکە بیانگرێتە خۆی ..
بە خۆک ئەڵێن بەبێ دەمامک قسە مەکەن ، خەیشیان بێ بێ دەمامک و نزیک لێ یەکەوە ، ئەوەی ئەیڵێن نایەنەوە ..
ئاخر ئەمەیە کە نازانم ناوی لێ بنێم چی ، ئەمەیە نەخوێندەواریی بە کردار ..ئەمەیە دوو فاقیی لێ شۆڕی درامایەکی پێکەنین هێن و لە هەمان کاتدا تراژیدیدا ..
بژی کونسوڵ
بژی کامێرا
بژی قات و بێنباخ
بژی بازرگانیکردن بە کەرەناوە ..

تکایە خۆتان بەم خوراداناە هەڵمەخەڵەتێنن! … د زاهیر سوران

لەو کاتەوەی کە قایرۆسی کۆرۆنا ناسراو بووە بە (کۆڤید ١٩) و دەرکەوتووە چەندین ماڵپەر، کەس و لایەن، زانیاریی هەڵەقومەڵەق و چەواشەکار باڵاودەکەنەوە! بەبێ ئاوڕی هیچ زانیارییەکی پزیشکی لێخۆگرت بێت، لەسەر کاریگەریی هەندێك خۆراك (چەندین پرسیاری سەیرو سەمەرەم لێکراوە لەسەر ئەم بابەتانە) ڕاستە پێشتر کاریگەرییان هەبووە لە چاککردن و باشترکردنی تەندروستی یان بەهێزکردنی کۆئەندامی بەرگریی لەشدا بەڵام لەم ماوە کورتەدا ئەو ڕاستیانە دەرکەوتوون، کە هیچ کام لەم خۆراکانە کاریگەریی ڕاستەوخۆ یان باشیان لەسەر قایرۆسەکە نییە! تەنیا خۆ هەڵخەڵەتاندنەو بەس و هەندێك کەس دەروونی وای لێك دەدەنەوە کە ڕاستن بەڵام لێ ڕووی زانستییانەوە هەڵەن! گرنگترین و ناسراوترینییان ئەمانەن:

١-سیر

ڕۆکخراوی تەندروستی جیهانی دەڵێت: ڕاستە کە سیر خۆراکێکی تەندروستەو دژی میکرۆبەکان دەجەنگێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەك نییە کە مرۆڤ دەپارێزێت لە قایرۆسی کۆرۆنا.

جاری واش هەیە زێدەخۆری زیانبەخشە بە تەندروستی بۆ نمونە: کاتێك خانمێك ١،٥ کیلۆگرام سیری خواردبوو تووشی ئەوە بوو بوو کە لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە بۆ چارەسەر.

بەڵام سەوزە، میوەو ئاو، هەموویان یارمەتی دەرن بۆ ئەوەی بە تەندروستییەکی باشەوە بمێنینەوە. وەڵێ هیچ بەڵگەیەك نییە کە ئەمانە لە قایرۆسەکە دەمانپارێزن.

٢-مەعجیزە

هەندێك کەس دەبێژن کە گوایە مەعجیزە (دووەم ئۆکسیدی کلۆر) کە بە سپیی کردنەوەی جلوبەرگ و پاکژکردنەوەی قوماش و پەڵە بەکاردێت یارمەتی لەناوبردبردنی قایرۆسەکە دەدات.

ساڵی پار بەڵێوەبەرایەتی خۆراك و دەرمانی ئەمریکایی ئاگادارییەکی باڵاوکردەوە لەسەر مەترسی خواردنەوەی مەعجیزەو وەاتانی تریش هەمان ئاگادارکردنەوەیان باڵاوکردەوە، لەبەرئەوە تکایە تووخنی مەکەون.

٣-پاکژکەرەوە خۆماڵییەکان (لە ماڵدا دروست دەکرێن)

لە ئیتالیا کە ئێستا گەرمەی باڵاوبوونەوەی قایرۆسەکەی تێدایە

مەترسی نەمانی پاکژکەرەوەکان لە بازاردا لە ئاردایە . لەبەرئەوە خەڵکی هەوڵدەدەن لە ماڵەوە پاکژکەرەوە دروست بکەن کە هیچ سوودێکی نییە لەبەرئەوەی کە:
ئەو پاکژکەرە دروستکراوانە ڕێژەی ئەلکهولیان ناگاتە لە ٦٠-٧٠% و تەنانەت مەشروباتی وەك ڤۆدکا ڕێژەی ئەلکهولەکەی تەنیا دەگاتە لە ٤٠% کە ڤایرۆس ناکوژێت.

٤- ئاوخواردنەوە هەر ١٥ خولەکێك
مەپەرێك لە فەیسبوك ئامۆژگاری پزیشکێکی یابانی بڵاوکردۆتەوە کە گوایە ئاو خواردنەوەی ٤ جاران لە کاتژمێرێکدا ڤایرۆسەکانی نێو دەم دەردەکاتە دەرەوە! هەرچەندە لە زاراوەی ئارەبییەکەی دا نزیکەی ٣٥٠ هەزار جاران سەیرکرابوو بەڵام مامۆستایانی زانکۆی بلۆمفیلد دەڵێن: هیچ بەڵگەیەك بۆ ئەمە نییە کە فرە ئاو خواردنەوە ڤایرۆس دەکاتە دەرەوەی لەش.

٥-گەرماو دووركەوتنەوە لە ئایسکرێم.
زانیاریی زۆر هەیە کە گوایە بەرزی پلەی گەرما (وەك کورد خەوی پێوە دەبینێت) ڤایرۆسەکە بکوژێت لەبەرئەوە دەڵێن: ئاوی گەرم بخۆرەوە و بە ئاوی گەرم خۆت بشورە یان بە فیێن قژت هیشك بکەرەوە.
هەرچەندە ئەو زانیارییانە لەلایەن چەند کەسێکەوە تەزویرکرابوو بە ناوی (ڕێکخراوی یۆنیسکۆ) وە بڵاوکرابووەوە وەڵێ دواجار ڕێکخراوەکە بڵاوکراوە تەزویرەکەی بەدرێخستەوە، ئەمیش درێ دەرچوو.
ئێمەی دەزانین ڤایرۆسەکان بە گشتی لە هاوین دا ماوەیەکی کەم لەدەرەوەی لەشدا دەژین، بەڵام تا ئێستا زانستییانە نازانرێت ئایا بەرزی گەرمای هاوین چەندە کاریگەری هەیە لەسەر خودی ڤایرۆسەکە؟
هاوکات دەڵێن: گەرمکردنی جەستەو خۆ دانە بەرتیشکی خۆر هیچ سوودێکی دژی ڤایرۆسەکە نییە!
هەروەها خواردنەوەی ئاوی گەرم پلەی گەرمی لەش ناگۆڕێت گەر بێت ونەخۆش نەبێت و پلەی گەرمی لەش بەرز نەبێت.
هاووڵاتیانی بەڕێز، هەرچەندە زانایانی ئەم بوارە دەڵێن: کە هێشتا زۆر زانیاریی لەسەر ڤایرۆسەکەو نەخۆشییەکە نازانرێت بەڵام ماوەی خەمۆنراوی کۆکەوتنی ڤایرۆسەکە، واتە لەو ڕێژی تووشبوونەوە بە ڤایرۆسەکە تا دەرکەوتنی نیشانەکان لە یەکێکی تووشبوودا نزیکەی ٥ ڕۆژی گەرەکە.
ئەو کەسانەی کە تا ١٢ ڕۆژان نیشانەیان تێدا دەرناکەوێت، لەوانەیە ئەوانە هەڵگریی هەوکردنەکە بن.
گەر گومان دەکەیت تووشبوویت یان لەو شوێنانەوە هاتوویت کە

قایرسەکەی تدا بابتەوە، باشترین ئەرکی مرۆڤانەو ئەخلاقی سەرشانت ئەوەیە کە بۆ ماوەی ٢ هەفتە خۆت لە ماڵەوە گل (بهۆیتەوە) بدەیتەوە بۆ ئەوەی کەسانی دیی بۆ تاوان تووش نەکەیت.
لە کۆتاییدا دەمەوێت ئاگادارتان بکەم کە زانیاریی هەڵەو چەواشە زوو بڵاودەبێتە بەڵام ئەوەی راست و هەقە زۆر ڕەقەو جاری وا هەیە باوەڕی پێ ناکرێت. تکادەکەم دەروونی خۆتان چەواشە مەکەن بە نووسینی نازانستی و خۆتان بە ماڵپەڕە دروستکراوەکانەوە سەرقاڵ مەکەن، باشترین ڕێگا خۆپاراستنە بەڵام بەم شێوازەی خوارەوە:

١-خۆت لەو کەسانە نزیك مەکەرەوە کە تەندروستییان باش نییە!
٢-دەست مەبە بۆ چاوەکانت و دەموڵوت، هەروەها پەنجە مەکە بە لووتتدا کاتێك دەستەکانت نەشوردراون و پیسن!
٣-تکایە لە کاتی کۆکەو پژمین دا دەستەسڕی کاغەز بەکاربهێنەوە فڕێی مەدە تەنیا بیکەرە نێو نایلۆنی خۆڵەوە تا دەتوانیت بەزووی دەستەکانت بشۆرە.

د زاهیر سوران

پسپۆری نەخۆشییە درمییەکان و گشتییەکان، سلێمانی .

سەنگ و قورسایی حزبی شیوعی و ناحەزان... ئەحمەد رەجەب

ناحەزان و دوژمنانی شیوعییەت لە چاوپێکەوتن و لێدوانەکانیان هەڵیان بۆ ئەرەخسێ و هیرشی توندو تیژو ژەهراوی و دوور لە ڕاستگۆیی ئاراستەی حزبی شیوعی ئەکەن بە بۆ ئەوەی ڕابردوو تێکۆشانی ئەو حزبە ماندونەناسەو ڕۆڵی کارامەی لە پێناو چەسپاندنی ئاوات و خواست و ئارەزوو ئازادی گەل و نیشتمان بهێنن بەرچاویان و کوێرانە قسەی پڕپوچ ئەخەنەنە پاڵی ئەو حزبە مەزنە خاوەن تێکۆشان و هەزاران شەهید.
لەگرتەیەکی ڤیدیۆیی و، لە بەرنامەی ڕووداو مۆژووی کەناڵی NRT لە چاوپێکەوتنکدا لە گەڵ بەڕێز : حامید حاجی غالی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەرپرسی نووسینگەی

کۆمەڵایەتی پەردە لە سەر زار شت هەڵئەداوەو ئەنجامەی یەکێتی لە گەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆشیالیستی کوردستان و ئیسلامییەکان بانگهێشت کراین بۆ ئێران و لەوێ لەسەر چۆنێتی گرتنی شاری هەڵەبجە رێککەوتین و هەروا چۆنێتی هێنانی سوپای پاسداران و، لە هاتنەوەماندا بۆ خۆ پاراستن لە چەکی کیمیاوی ماسك (قناع) و دەرزیان بە سەرماندا دابەش کرد.
پێشکەشکاری بەرنامەکە پرسیاری کردو وتی : ئەی ماسك و دەرزیتان دا بە خەڵکی شار ؟.
حامید: نەخێرو، کۆ ئەتوانێت بەو شەوە ئەو کارە بکات.
پێشکەشکار: ڕێی تێ لەو ئێپراسیۆنە، ئێپراسیۆنی گرتنی شاری هەڵەبجە چی بوو؟
حامید : بەڕپرسی سەربازی پێشمەرگەکانی یەکێتی بووم و، بە موقدەم (تارانی) م وت من هیزەکانم ئەنجامە پێشەوەو، موقدەم تارانی زۆری پێخۆش بوو.
پێشکەشکار : هەندی لایەن لە مەترسی ئەو جۆرە ئێپراسیۆنە ئاگاداریان پێداون ، وەك حزبی شیوعی و ئیسلامییەکان.
حامید : حزبی شیوعی چی ، کەی ئەو قورسایەی هەیە بەشداری بکەن یا نەکەن ، پەنجا کەسکن!.
پێشکەشکار ئاماژە بە زار شت ئەدات وەك : تاانکردنی پارەو زێری بانقی هەڵەبجەو تەقاندنەوەی و ، تەقاندنی بینای توتنەکە (تنقیحەکە) و بردنی کتێب و هەموو دەستنووس و شتی ترو، ئەنجامن بۆ یەك ئەنکوستیلە پەنجەی مردووتان بریوەتەوە و، ئیوە تاوانبارن بەوەی خەڵکتان ئاگادار نەکردووەو، سور ئەزانن سەدام حوسەین بەرامبەر بەو کارەی ئیوەو ئێران دەستناپارێزێت و، بۆچی فرێکەوان(تارق رەمەزان) کە کیمیاوی رشت بە سەر هەڵەبجەو سۆسنان لە سلێمانی ئازادتان کرد
حامید وتی : نەمانزانی سەدام حوسەین کیمیاوی بە سەرماندا ئەرژێنێت و، من ئاگام لە بردنی پارەی بانقەکە نییەو وابزانم ئێران بردوویەتی و، پەنجەو دەستی کەس نەبراوەتەوەو ئەوە بوختانەو، سەبارەت بە تارق رەمەزان نازانم چی بڵێم دیارە (خەت مایلە) و کارێکی باشی بۆ کورد کردووە بۆیە ئازاد کراوەو ، حامید حاجی غالی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی خێی لە زار شت دزییەوەو وەڵامی نەداوە بەڵام هاوکاری ئێران لە کرتنی هەڵەبجە بە شانازی ئەزانێت.
لەمیانی ئاخافتنەکانی بەڕپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی یەکێتی زێری شتی باسکردو راشکاوانە وتی ئێمە هیچمان نەکرد بەڵکو خەڵك ڕاپەڕینی کردو، من بەڕپرسی عەسکەری بووم وەك حامیدی حاجی غالی

هیچم بۆ ڕاپەڕین نەکرد بەهام بەرزان حامید ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەکتبی کۆمەڵایەتییە و نابی بە هیچ شێوەیەك زمانی زبر بەکار بهێنێت وهەوڵ نەدات مێژوو بشێوێنێت و ڕاستگۆیان قسە بکات و، بۆ بیرهێنانەوەی لە سەنگ و قورسایی حزبی شیوعی پێویستە بە خێدابچێتەوە،
لە سەرەتای تێکۆشانی چەکداری پەیوەندی نێوان حزبی شیوعی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بتەوو سەقامگیر بوو، لەو سەردەمەدا جاروباری گرژی و ناکۆکی ودەمارگیری ڕووی ئەداو، زۆر جار ڕێکەوتن لە نێوان هەردوولا ئەکراو، لە شەرو پێکدادان لە گەڵ رژێمی خوێنڕژی حزبی بەعسی عەرەبی بە هانای یەکتر ئەچوون و، هاتووچۆو وسەردانی یەکتر لە نێوان جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی و عەزیز محەمەد سکرتێری حزبی شیوعی عێراق گەرم بوو، بەهام بە کرداری دوژمنکارانە ناحەزان توانیان شەرێکی خوێناوی لە پشتاشان دروستبکەن و، بووە هۆی شەهید کردنی 67 شیوعی و(لێرەدا وەبیر بەرپرسەکەی کۆمەڵایەتی یەکێتی ئەهێنمەوەو ئەم شیوعیەکان 50 یان 60 کەس نین کاکی بەرپرسی کۆمەڵایەتی بەکو خاوەنی هەزاران شەهیدن.
لە پاش قەسابخانەکەی پشتاشان و، ئاشتبوونە جاریکی تر تێکۆشان لە دژی رژێمی بەعسی عەرەبی لە نێوان پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی و یەکێتی درێژەی هەبوو وەك گرتنی شارچکەی قەرەداغ و، شەرکەی قەلاقایمزو کەلەش و گەرمیان لە ڕۆژانی ئەنفالداو، خوێنی شەهیدانی شیوعی و یەکێتی تێکەاو بوو ، تەنها لە بەرنگاری فاشیستەکانی بەعسدا لە 9 ی نیسانی 1988 لە ئاوایی تازەشارو شیخ حەمیدی بناری گل خوێنی 8 قارەمانی شیوعی بە سەرپەرشتی مولازم سامی و 12 قارەمانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرپەرشتی فەرماندەی شەهید نازم بچکۆل و، بەرنگاربوونەوەی هاوڕیانی حزبی شیوعی و هەڤاڵانی یەکێتی بۆ زیاتر لە ماگەك دژ بە رژێمی دیکتاتۆری بەغدا لە دڵە کۆکاو شاخی چەکوش لە قەندیلی سەرکەش.
بۆشك بەرزان حامید حاجی غالی وەك فەرماندەو پێشمەرگەی دڕین ئەزانێت شیوعییەکان و حزبە نەبەزەکەیان حزبی شیوعی هیچ کات لە تێکۆشان دوانەکەوتووەو ڕێیان دیارە لە شەهکانی : قزلەر، سکانی، بادنان، باڵەکایەتی، سوڵەمیش، بڵقامیش، شەقلاوە، سماقوڵی ، گەرمیان و نەوجول و هتد…
10/3/2020